ئەدەب



# ژیان وەک دۆزەخێکی فۆکنەریی؛ ڕۆمان و دیکتاتۆرییەت

## ـ گفتوگۆ لەگەڵ ماریۆ ڤارگاس یۆسا

## دەربارەی ڕۆمانی ئاهەنگی سابرێن ـ

وەرگێڕانی: بڕوا عەلادین

JINEFTIN.KRD

jineftin.krd

ئەدەب

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

رۆمـانی ئـاهـەنگی ســـــابرێن بـە قـەشـــــەنگترینی ئـەو کـارانـە دادەنرێت کـە داهێنـەری پیرۆیی "ماریۆ ڤارگـاس یۆسـا" نوسـیبێتی. رۆمـانـەکـە یـەکپارچـە وێنـەکێشـانی دیکتاتۆرییـەتـە لـە ئـەمریکای لاتینیدا، ئـەویش بـە تیشـك خسـتنـە سـەر فەرمانڕەوایەتی ڕافائیل لۆنیداس تریخیلیۆ لە کۆماری دۆمینیکان لە ماوەکانی نێوان سـالّی ١٩٣٠ تاوەکو سـالّی ١٩٦٠ کە تریخیلیۆی تێدا ترۆر دەکرێت. هەر بۆیە زۆربەی کارەکتەر و کەسـایەتییەکان و کەشـوهەوای ڕۆمانەکەش لە واقیعەوە وەرگیراون. ئەم ڕۆمانە لە خانەی "ڕۆمانی دیکتاتۆرییەتدا پۆلێنبەند دەکرێت، ئەو نەریتە ئەدەبییەی کە یەکێکە لە تایبەتمەندێتیەکانی ئەدەبی ئەمریکای لاتینی و لەگەڵ نووسـەری گواتیمالایی "میخایل ئەسـتۆریاس"دا بە ڕۆمانی "جەنابی سـەرۆك" دەست پێ دەکات و، دواجاریش بەهۆیەوە خەلاّتی نۆبلّی ئەدەب وەردەگرێت.

ئـەم دیالۆگـەش کـەمتازۆر هـەوڵدانـە بۆ نزیکبوونـەوە لـە کـەشـوهـەوای ڕۆمـانی "ئاهەنگی سابرێن."

**نادین سـوتێل:** ڕۆمانی ئاهەنگی سـابرێن لە یەك کاتدا بۆ بیرکردنەوە لە سـێ شت بانگهێشتمان دەکات: لە فیلمەکەی کۆستا گافراس، لە سەگەکەی داڤید لانش و ڕۆمانەکانی فۆکنەریش کە مالرۆ پێی وایە دەربارەی بابەت و تیمەی دۆخی مرۆییە وەك "ئامادەگی تراژیدیای گریکی لە ڕۆمانێکی پۆلیسیدا..."

**ڤارگاس یۆسـا:** بیرۆکەکەت سـەبارەت بە ڕۆمانی فۆکنەریی تەواو سـەرسامی کردم. فۆکنەر یـەکـەمین رۆماننووسـە کـە من خوێندبێتمـەوە و قـەڵـەم و کـاغـەزم بەدەستمەوە گرتبێت تاوەکو هەوڵبدەم بونیادە زەمەنییەکانی رۆمانەکانی شیتەڵ بکەم و گرێ و تـەلیسـمـەکـانی ئـەو شـێوازە بکـەمـەوە کـە بـەهۆیـەوە وێنـەکـانی خۆی ڕێکدەخات. تراژیدیای گریکی؟ ڕۆمانی پۆلیسی؟ بە دڵنیاییەوە! لەبەر ئەوەی

ڕووداوەکان لە سنووری فەنتازیا لا دەدەن و تێی دەپەڕێنن، هەر بۆیە دەبێت کەشف بکرێن. ڕەنگە ئەوە خۆی جۆرێك لە شۆك دروست بکات، کاتێك ئازار و ئەشکەنجە دەکەینە ماتەریاڵێك بۆ داهێنان. بەڵام دواجار ئەوەش حاڵی نووسەرە: گۆڕینی ئەو شتانەی کە دەیانخوێنێتەوە و ئەو ڕووداوانەی کە دەیانژێنێت بۆ کارێکی هونەریی، وەك ئەوەی کە مالرۆیش زۆر بە باشی ڕوونی کردۆتەوە دیکتاتۆرییەت ــــ بە تایبەتی ــــ تیمەیەکی زۆر دەوڵەمەندە، چونکە ئەزموونێکە لەوپەڕی مەوداکاندا، ناچارت دەکات ڕووبەڕووی ترس ببیتەوە. دیکتاتۆرییەت تاقیکردنەوەیەکە، لەناویدا دەتوانین لەسەر ئەو شتانە بوەستین کە لەنێو بوونەوەری مرۆییدا باش و خراپن. کە منیش لاو بووم، دیکتاتۆرییەتی تریخیلیۆ بە نموونەی سیمبولیانەی دیکتاتۆرییەت لە ئەمریکای لاتیندا دادەنرا. خاسیەتەکانی تا دواسنوور ڕۆیشتن: دڕندەیی، گەندەڵی، بەڵام بەودیویشدا بەشانۆکردن. تریخیلیۆ کەسێك بوو کە لە بواری گاڵتەجاڕییدا نەدەبەزێنرا: ئەو رامفیسی کوڕی کە نۆ ساڵ بوو، وەك کۆڵۆنێلێك دامەزراندبوو، پاشتر لە تەمەنی دوانزە ساڵیشدا و لە ئاهەنگێکی گشتیدا کە هەموو باڵیۆزەکان ئامادەی بوون، کردبووی بە ژەنراڵ... ئەو خۆی وێنە و نیگاری پۆشاکە سەیروسەمەرەکانی کێشابوو، هەروەها شێوەی سمێڵە هیتلەرییەکەشی، دیارە نمونەیەکی ئایدیاڵیش لە نیویۆرکەوە کە خۆی هەڵیبژاردبوو (نموونەیەك کە من پێی دەڵێم مانوێل ئەلفۆنسۆ) یارمەتیدابوو بۆ ئەم کارە کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی پرۆتۆکۆل و وەزیری ئارەزووەکانیشی بوو. ئەو دەمە من لە بەشی ئادابی زانکۆی سان مارکۆس لەلیما، خوێندکار بووم.

**نادین سوتێل:** مەبەستتە بڵێیت کە ئەو کەرەستانە بوونە ئایدیای ئەو کتێبە؟

**ڤارگاس یۆسا:** نەخێر، ئەوەی کە وای لە من کرد تامەزرۆی ئەو کارە بم ماوەی یەکەمی نیشتەجێبوونم بوو لە کۆماری دۆمینیکان لە ساڵی ١٩٧٥دا، ئەویش بە

بۆنەی وێنەگرتنی فیلمێکەوە بوو کە لە ڕۆمانەکەم (پانتۆل و گەشـــتیارەکان)ەوە وەرگیرابوو. ئەوەبوو هەشت مانگ لەوێ مامەوە، بە ڕاستی سەرم سوڕمابوو لەو شـتانەی کە دەمبینین و بۆم باس دەکران، تۆقی بووم، وەلێ شـەیدا و تینووش بووم بۆ زانینی ئەو شـــتە ســـەیرانە، بە تایبەتی کاتێك زانیم کە لە کاتی گەشـــت و هاتوچۆکانی تریخیلۆ لەناوەوەی وڵاتدا خەڵکانی ســادە و ئاســایی کچە پاکیزەکانی خۆیان وەکوو دیاری پێشکەش کردووە، وەك ئەوەی پێشکەش بە خودایەکی بتئاسای بکەن. ئەمە شتێکە سکرتێرێکی پێشووی تریخیلۆ بۆی باس کردووم، ئەو دەیگوت: "بە دڵنیاییەوە وابوو! تەنانەت کێشـە بۆ ئێمەش دروسـت دەبوو، چونکە نەماندەزانی چیبکەین". دیارە ئەوە بووە مایەی داڕشـتنی بیرۆکەی کارەکتەری ئیورانیا. ڕاسـتە من ئەو کەسایەتییەم خوڵقاندووە، بەڵام چیرۆکەکەی تەواو واقیعییە.

**نادین ســوتێل:** تریخیلۆ لەبەردەم یاریدەدەرە نزیکەکانی خۆیشـیدا شـانازی بەوەوە کردووە کە ئافرەت و ژنەکانیانی داگیر کردووە، نـەك هەر ئەوە، بـەڵکو بووە بە خاوەنیان...

**ڤارگاس یۆســـا:** بەڵی، لە وڵاتێکی نێرســـالاریدا ئەو ویســـتویەتی بزانێت کە داخۆ هـاوکـار و یـاریدەدەرەکـانی ئـامـادەن لە پێنـاویدا تـەنـانـەت قوربـانی بـە شـــــەرەفی نێرانـەی خۆیشـــیـان بـدەن. لـەوەش ســـەرســـوڕهێنـەرتر ئـەوەیـە کـە ئـەوانـە بەو تاقیکردنەوەیە ڕازی بوون، ڕازی بوون بە هەموو شـــتێك تەنها بەو مەرجەی کە تریخیلۆ لێیان ڕازی بێت و زویر نەبێت! لەم حاڵەتەشـــدا ژنان بە دوو دیودا قوربانی بوون: هەم قوربانی فەرمانڕەوایەتی دیســـپۆتیی و هەم قوربانی لۆژیکی نێرسالارییش.

**نادین سـوتیل:** مولازم گارسـیا گیریرۆ (کە یەکێکە لە پیلانگێرەکان) دەڵێت: وەك ئەوەی ویژدانمی سـڕیبێتەوە، هەمیشـە دید و تێڕوانینی تریخیلیۆ دێتە بەر چاوم و بەردەوام لەبەردەممدا ئامادە دەبێتەوە.

**ماریۆ ڤارگاس:** تریخیلیۆ لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە توانیبووی لە ڕێگەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییە سـەیرەکەیەوە (سـکۆپ ـــ تەلەڤزیۆنی) خۆی بەسـەر ئەوانی دیکەدا بسـەپێنێت. هەر بۆیە کاتێك کە لە زەمینەی واقیعیشـدا دەبینرا، هەریەکێك لەوانە خاوەنی تریخیلیۆیەك بوو لەناو خۆیدا. دیارە ئەوەش سـەرکەوتنی کردەگییانەی دیکتاتۆریەتە: کاتێك کە تەنها بەسـەر سـەری خەڵکییەوە نابێت، بەڵکو لەناویشـیاندا ڕەگ دادەکوتێت. ئێمە پێمانوایە کە کەموکوڕییەك هەیە لە مرۆڤدا ڕێگە بە دروسـت بوون و لەدایکبوونی دیکتاتۆرییەت دەدات، لەمسـەری چەپەوە بۆ ئەوسـەری ڕاسـت، بەڵام تەنها دەستەواژە و ڕیتۆریکەکە جیاوازە. بۆ نموونە سـەیری ئەمریکای لاتین بکە، نزیکەی ٤٣ سـاڵە کاسـترۆ لەسـەر کورسـی دەسـەڵات دانیشـتوە، دوانزە سـاڵ زیاتر لە تەمەنی سـیاسـی تریخیلیۆ! لە ڤەنزویلاش هۆگۆ شـاڤیز زۆر حەزی بە بوونی دەسـەڵاتی ڕەهایە، هەم بۆ خۆی و هەم بۆ کاسـترۆیش... لە ئەفریقاش بڕوانە زیمبابۆی و موگای...! ئەمڕۆ لە جیهاندا بەرامبەر بەهەر تاقە سـیستمێکی دیموکراسـی، پێنج سـیسـتمی دیکتاتۆرییمان هەیە لەگەڵ دەرەنجامە دیارو بەرجەسـتەکانیشـیدا کە بریتین لە: بەکارهێنانی هێز، گەمەکردن بە ڕای گشتی، بێزراندنی مافەکانی مرۆڤ، دواجار پیرۆزکردنی سەرکردە و کاریزمایش، پیرۆزکردنی کۆدیۆ (ئەو نازناوەی کە فرانکۆیان پێ بانگ دەکرد).

**نادین سـوتیل:** ئایا دەکرێت ئەو پیرۆزکردنە دەروازەیەك بێت بۆ تێگەیشـتن لە کاردانەوەی ژەنراڵ ڕۆمان؟

**ڤارگاس یۆسا:** ڕەفتاری ژەنراڵ ڕۆمانی سەرۆکی هێزە چەکدارەکان شتێکە باوەڕی پێناکرێت، بەڵام وایە و ڕاستیشە. ئەو دەچێتە ناو چوارچێوە و تۆڕی هەوڵێکی پیلانگێرییەوە بەڵام لە دواچرکەساتدا پەکی دەکەوێت و ناتوانێت لە ئایدیاوە بپەڕێتەوە بەرەو کردار، بەهۆی جۆرێك لە توقینی پیرۆزەوە تووشی جۆرێك لە پەلوپۆکەوتن دەبێت و باجەکەشی زۆر بە قورسی دەدات!

**نادین سوتێل:** زیادەڕەویکردن لەسەرکوتکردندا ئۆرستی ئایشێل یاخود ریچاردی سێهەمی شکسپیرمان بیردەخاتەوە. دیارە سەرۆکی سەرپەرشتیارێتی کارەکانیش کۆلۆنێل جۆنی ئەبیس گارسیایە کە سەرۆکی دەزگای هەواڵگرییە.(S.I.M)

**ڤارگاس یۆسا:** ئەم حیکایەتە خەیاڵییە لەسەر ئاستی واقیعیش بەرجەستە دەبێت! جۆنی ئەبیس دڕندەیەك بوو کە بە تەنها چێژی لە ئێش و ئازاری قوربانییەکانی ژێردەستی خۆی نەدەبینی، بەڵکو لە شێواندن و هەڵتەکاندنی یادەوەریشیان، لە ساختەکاریکردنی پرۆسەکانی تیرۆرکردن و شێواندنیان بۆ پرۆسەی بەرەڵایی سێکسی بۆ نموونە. ئەو لە کۆندا ڕیبەرێکی وێستگەیی بوو، پاشتر بوو بە خوێندکارێکی ساختەکار لە مەکسیکۆ و ئیدی هەر لەوێش کاسترۆی ناسی، هەر لەوێش توانی نووسەری ئیسپانی خۆسێ ئالوینا تیرۆر بکات. ئەوەبوو تریخیلیۆش کردی بە کۆلۆنێل و سەرکردەی بەرژەوەندیی پەیوەندییەکان.

**نادین سوتێل:** خودی تریخیلیۆ ئەو واقیعە دەماکپۆشراوە ژیاوە: ئەوانەی کە دەبوونە مایەی وەرسکردن و شێواندنی باری ئارامییەکەی، پاشتر بە شێوەیەکی نهێنی دیار نەدەمان. ئەی چۆن دەکرا تیرۆرکردنیان ڕابگەیەنێت؟

**ڤارگاس یۆسا:** ئەزانی چی، ئەوە شتێکی هێندە ترسناکە کە زۆر قورسە باوەڕی پێ بکەیت: تریخیلیۆ بەوە ڕاهاتبوو کە ڕکابەر و دوژمنەکانی دەرخواردی قرش

بدات. قرشـــەکان لە چاوەڕوانی دەســـتگیرکراوەکاندا بوون، قـەرەباڵغی و پاڵەپەســتۆی ســەرەگرتنی قرشـــەکان بۆ خواردنی ئەو مرۆڤانە دەبینرا.. تەنانەت پاش ڕاوکردنی قرشـــەکان و کردنەوە و هەڵدڕینی ســـکیان، قاییش و کەمەربەند و پێڵاوی قوربانییەکان لەهەناوی قرشـــەکاندا دەدۆزرانەوە... ئەمە ئەوپەڕیی قێزەونی و ترسناکییە کە پەنابەرێکی سیاسی ئیسپانی وەك گالاندیزی پێ بکوژیت، دیارە گالاندیز لەناو جەرگەی نیویۆرکدا ڕفێندرا بووا! بە هەمان شێوەش کارەساتی ڕۆماننوس ڕامون ماریۆ ئارسیتی کە نیویۆرك تایمز باسی کوشتنەکەی دەکات.

**نادین سوتێل:** تەنها لە بەشی دووهەمی ڕۆمانەکەدا، یاخود لە بەشەکانی کۆتاییشدا دوای مەرگی تریخیلیۆ خوێنەر دەچێتە نێو هۆڵەکانی ئەشـکەنجەدانی (S.I.M) ەوە ــ هۆڵەکانی نۆهەم و چلهەم ــ کەشوهەوای ئەو هۆڵانە بە جۆرێکە کە مرۆڤ بۆی هەرس ناکرێت..

**ڤارگاس یۆســـا:** بە دڵنیاییەوە. بەڵام باوەڕبکە چیرۆکەکەم باوەڕپێکراوە: من لەگەڵ ژنی قوربانییەکاندا قســـەم کردووە، چیرۆك و شـــاهێدیدانی زۆر لەو کەســـانەم خوێندۆتەوە کە باس لە چۆنێتی ژیانی نێو زیندانەکان دەکەن، بەڵام بە تایبەتییش قسەم لەگەڵ ئەو کەسانەدا کردووە کە پێشتر دەستگیرکراون، لانیکەم قسەم لەگەڵ یەکێك لە جەلادەکانیشدا کردووە... دیارە مەسەلەکە زۆر لەوە خراپتر بوو کە من باســـم کردووە، بە تایبەتی لەو شـــەش مانگەی پاش مەرگی تریخیلیۆ، ئەو کاتەی کە ڕامفیس گـەڕاوەتـەوە و توانیویـەتی ســـنوورێك بۆ ســـەرکوتکردن دابنێت. بەڵام پێدەچێت ڕاستی وتن مێژوو بەرەو ناواقیعێکی تەواو ببات.

**نادین سوتێل:** لای ئێمە شتەکە تەواو بە پێچەوانەوەیە، هەستکردنێك سەیر بە واقیع دەبینین. تەنانەت لەو کاتەشـــدا کە یەکێك لە پیلانگێڕەکان کوڕە تازە لەدیکبووەکەی

لەدەستدەدات... تاوەکو بەڵگەی ڕاستی ڕووداوەکەی پێ بدەن، پاسەوانەکان سەری منداڵەکەیی بە لێکراوەیی بۆ دەهێنن.

**ڤارگاس یۆسا:** بە ڕاستی کارەساتە، ئەجەلێکە لە ترازیدیای گریکیی. من لەگەڵ تەواوی ئەو دەستگیرکراوانەدا قسەم کرد کە لەگەڵ ئەو پیاوەدا لە هەمان زیندان دەستگیرکرابوون. ئەو مەترسیدارترین چرکەساتە. دیارە کەسانێك هەبوون خەریکی پلاندانان بوون بۆ ئەو کردەوانە، وەك ئەوەی مەسەلەکە پەیوەندی بە یاری شەترەنجەوە هەبێت!

**نادین سوتێل:** پیلانگێڕ و کودەتاچییەکان دەزانن ئەو کارەیان ریسکێکە و هەروا شتێکی ئاسایی نییە، ڕەنگە باجەکەشی ژیانی خۆیان بێت. بەڵام هەر بەرهەڵستییەکی زۆر بەهێزیش بۆ زاڵبوون بەسەر ترسدا دەبینین. ئایا هەموویان وابوون؟

**ڤارگاس یۆسا:** بە دڵنیاییەوە هەر کەسێك لە دەروبەری تریخیلۆدا بووبێت، تووشی چەوسانەوە بووە، دوچاری شەرەف و ناموس بردن هاتووە، وەك ئەنتۆنیۆ دو لا مازا (ئەو شاهێدە وەرسەکەرەی) لە بەرامبەر چاوپۆشین و بێدەنگیکردنی لە شاهێدیدان بە فڕاندنی گالێندیز و پاش خۆکوشتنی براکەی، پارچەزەویەك وەردەگرێت. دیارە کەسانی دیکەش هەبوون کە لەبەر مەرامی سەرەکی و شتی دیکە: بۆ نموونە سلڤادۆر ئەستریلا سادالا کە پێشتر هەرگیز کاری لەگەڵ تریخیلۆ نەکردبوو، ئەگەرچی ئەو بازرگان بوو، بەڵام کاتۆلیکییەك بوو کە تەواو پابەندی ئەرکە ئایینییەکانی بوو. دوو قەشەی بێگانە کە یەکێکیان ئیسپانی و ئەوی دیکەیان ڕەگەزنامەی ئەمریکای باکووری هەبوو، لە کارێکدا بە ناوی "نامەی قەشەکان" لەساڵی ١٩٦٠دا ڕەخنە لە سیستەمەکەی تریخیلۆ دەگرن، هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی مەرگدا بوون... دەسەلات

گرتنەدەست؟ نا، لای پیلانگێڕەکان شتێکی لەو جۆرە نەبوو. سەرۆکی گشتی چاوەڕێی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەی دەکرد کە دەشێت پاش شەش مانگ ئەنجامبدرێت، بەڵام ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بۆ گرنگ بوو، هەر وا لە تاریکی و تارماییدا مانەوە و خۆیان پیشان نەدا .

**نادین سوتێل:** مەبەستت سەرۆك بالاگییە؟

**ڤارگاس یۆسا:** بالاگیێ لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە بە نادیاریی خۆی هێشتەوە، چونکە تریخیلیۆ زیندوو بوو. ئەڵبەتە بالاگییش حەزی بە دەسەڵات بووە و ویستوشیەتی، بەڵام بە درێژایی ژیانی شاردوویەتییەوە. ئەو پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو، پیاوی ئەدەب بوو، پارێزەر بوو..

**نادین سوتێل:** کەچی تریخیلیۆ ڕقی لە ڕۆشنبیر و نووسەران بوو: لەدوای هەمووانەوە دایانبوون. تەنانەت لەدوای ئەکلیرۆسیشەوە!

**ڤارگاس یۆسا:** ڕاست دەکەیت، بەڵام جگە لە بالاگیێ. ئەو بە درێژایی ٣١ ساڵ لە دەسەڵاتدا بوو، بێئەوەی هەرگیز خۆی لە هیچ جۆرە کێشەیەکەوە بگلێنێت، بە ڕاستی ئەوەش کارێکی قورس بوو. ئەو باڵوێز بووە، بەناو هەموو وەزارەتەکاندا ڕۆیشتوە، جێگری سەرۆك بووەو دواجاریش لەگەڵ خودی تریخیلیۆدا سەرۆك بوو. تریخیلیۆ بەخۆی دەوت: بالاگیێ دەخەمە سەر کورسی دەسەڵات، چونکە هیچ خەون و خولیایەکی نییە.

**نادین سوتێل:** پیاوێکی بچکۆلەی بێ تیشك و بێ ڕوناکی: وەك مانگ...

**ڤارگاس یۆسا:** کەچی ئەو پیاوە بچکۆلەیە توانی تریخیلیۆ بخەڵەتێنێت، ئەوەش زۆر شـــتێکی جوان بوو، چونکە تریخیلیۆ ڕۆشـــنبیر نەبوو (تەواوی ڕۆشـــنبیرییەکەی بریتی بوو لـەخوێنـدنـەوەی کو ڤـادیس)، بـەڵام وەکوتر زۆر زیرەك بوو، توانـای پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی هەبوو، کە ئەوەش وای لێکردبوو تەواو دڵنیابێت لەوەی دەبێت چی بکات بۆئەوەی دەسەڵات و مانەوەی خۆی لەسەر عەرشەکە بپارێزێت. بەڵام بە تیرۆرکردنی تریخیلیۆ، ئەو ســەرداری خێروخۆشـییە، بالاگیێ پێی وابوو کە ئیدی هەلی ئەوەی بۆ ڕەخســـاوە بێتە ســـەر شـــانۆکە و دەســـتبەکاربێت. لە هەمووی سەرتر سەرکەوتنی بالاگیێیە لەوەی وەك ئەو کەسە خۆی پێشکەش بکات و نیشـــان بدات کە وڵات دیموکراتیزە دەکات. خەڵکی بڕوایان پێکرد، ئەو پێنج جار لەسەر یەك لە سایەی دیموکراسییدا بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار هەڵبژێردراوەتەوە. پـــــێـــــکـــــەنـــــیـــــنـــــی بـــــۆ چـــــیـــــیـــــە!

**نادین ســوتێل:** خوێنی ئورانیای پاکیزە کە لە لایەن باوکییەوە پێشــکەشــی تریخیلیۆ کراوە، باوکێك کە خاوەنی بیست هەزار هایتی بە ساتور کوژراون لە لایەن پۆلیس و ســوپا و جوتیارانەوە لە ســاڵی ١٩٣٧دا: بە لای تریخیلیۆوە کۆماری دۆمینیکان قەسابخانەیەك بووە!

**ڤارگاس یۆســا:** بەڵێ. دەکرێت باس لە قوربانیدانێکی ســرووتئامێز بکەین. ئەوەیان شــرۆڤەی دەروونشــیکارییە. ئەگەر کەمێك بە باشــی بیربکەینەوە ئەوە قوربانییە لە پێناوی خۆپاکژکردنەوە لە ئاوێتەبوونێکی هاوبەش، چونکە تریخیلیۆ خۆی لە بەری دایکییەوە هایتییە...

**نادین سوتێل:** ئەوە تەواو نزیك و هاوشێوەی دۆزەخێکی فۆکنەرییە، کاتێك لەناویدا خۆ لە گوناه و تاوانی لاقەکردنی هیندییە سوورەکان پاکدەکرێتەوە. داخۆ هەندێکجار لـەبـەردەم ئـەو گێژاوەدا هـەســـت بـە بێدەســـەڵاتی نـاکـەیـت؟ لـە یۆتۆپیـای

کۆنیشدا نووسەری خوێنی هەموو خلاسییەکان، خۆسێ ماریا ئەرگیدا ساڵی ١٩٦٩ لە زانکۆی لیما پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن...

**ڤارگاس یۆسا:** ئەزانی چی، بەلای منەوە تەنها نووسین بەسە بۆ ژیان و گوزەراندن و تەنها شتێکیشە کە لە نائومێدییەکی ڕەها ڕزگارم دەکات، ئەو نائومێدییەی بەرەو ئیفلیجبوونمان دەبات. ئەرگیدا لە چرکەساتێکدا باوەڕی بە بەهرەی خۆی نەما. نابێت نووسەر شەرم لەوە بکات کە تێکەڵ بە کاری سیاسی نابێت. ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٩٠دا من کردوومە ئیشی من نەبووە، تەنها ئەوەی کە من کردوومە، ئەنجامدانی هەندێك کار بووە لە دۆخێکی شۆڕشدا و تەواو. دیارە نووسەر بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە بەسەر خوێنەردا پیادە و پراکتیزەی دەکات، بەرپرسیارە. من تا ئێستاش هەر بە ئەمەکم بەرامبەر بە سارتەرەکەی پێش ئەو لێدوانە شێواوەی کە ساڵی ١٩٦٤ لە لۆمۆند دای و وتی" (لەبەردەم مەرگی مناڵێکدا ڕۆمانی دڵتێکهەڵاتن دەستەپاچە و بێتوانایە و لێهاتوو نییە..). لەو کاتەدا کە لە جیاتی ئەقڵ، باوەڕکردن بە کار دەهێنین "دیارە ئەمە بۆچوونی منە بۆ ئایدیۆلۆژیا"، ئەوە نووسەرە کە واقیع بە شێوەیەکی ئەقڵانی پیشان دەدات/ دەریدەخات. ئەمە زۆر گرنگە، چونکە کاتێك نائەقڵانییانە دەجوڵێین و ڕەفتار دەکەین، دەرەنجامەکەی توندوتیژیی دەبێت، ئەمە شتێکە لە تەواوی ئەو گفتوگۆ و دیالۆگە سیاسی و کولتوورییانەدا بینیومانە کە بەمدواییانە ئەنجامدراون. بە بڕوای من ئەوەی کە بە لای نوسەرەوە گرنگە ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ خودی خۆیدا ڕەسەن بێت، هەروەها بەوپەڕی پاکی و بێگەردییەوە لەگەڵ ئەو شتەدا بژی کە دەینووسێت. من پێویستم بەوەیە کە پیاوێکم لەسەر جادە هەبێت، لەو شتانەدا هەبێت کە ڕوودەدەن، یاخود کە دەیانکات. بەڵام بڕوانە بۆرخیس ئەو پاکژگە سەیرەی زمان کە چۆن پشتی کردۆتە سیاسەت و هەنوکە: لەلای بۆرخیس ـــــ کەمتازۆر ـــــ چەندە وشە هەن، هێندەش ئایدیا و بیرۆکە ئامادەگییان هەیە. ئەوە زۆر گرنگە .زمان دەسەڵاتە!

**نادین سوتێل:** ئایا بابەتی کتێبە تازەکەت هەر دیکتاتۆرییەت دەبێت؟

**ڤارگاس یۆسا:** نەخێر! ئێستا دیکتاتۆرییەت بوونی نییە. ڕۆمانێکی تەواو جیاوازم بەدەستەوەیە دەربارەی فلۆرا تریستان و کچەزاکەی کە پۆل گۆگانە. ئەوە بۆ سێ مانگ دەچێت دوای تەواو بوونم لەمەی دیکەیان دەستم پێ کردووە.

**نادین سوتێل:** وەك ئەوەی بەبۆنەی کرداری نوسینەوە سەرلەنوێ لەدایك ببیتەوە؟

**ڤارگاس یۆسا:** ئاە، من کەسێکی فلوبێرییم! فلوبێر لەبارەی بەهرەوە دەڵێت: "نووسین خۆی ڕێچکەیەکە لە ژیاندا". دەتوانم بڵێم نووسین شێواز و ڕێچکەی منە بۆ ژیان، جگە لەویش هیچی دیکە نازانم. تەنانەت لەسەر ئاستی فیکریش ناتوانم جگە لە نووسەربوونم، وێنای ڕێگە و شێوەیەکی دیکە بۆ ژیان بکەم.

**سەرچاوە :**دەقی ئەم دیالۆگە لەسایتی ئەلیکترۆنی (ایلاف) ەوە وەرگیراوە، بەڵام خودی دیالۆگەکە لەژمارە ٤١٠ ی یۆنیۆی ٢٠٠٢ ی گۆڤاری ئەدەبی بەناوبانگی فەرەنسی (magazine littéraire) دا بڵاوکراوەتەوە .